

# تەلـــەفۆن

نووسینی: یاکۆڤ سیگێل

وەرگێڕی لە رووسی‌یەوە: جەلال تەقی

نیسانی ۱۹٤۱»

بەڵێ... گوێم لێیە!...
من ئێستا سێوی نایاب ئەخۆم!
هەلاو... تێ ناگەم!..
ئەڵێم سێوی نایاب ئەخۆم!
هەلاو... کێتان ئەوێ؟..
تۆم ئەوێ.
کێ‌ی؟
کچێکم!
ئەتناسم!
نەء!..
ئەی تۆ من ئەناسیت؟..
کەمێك... دووجار بینیومیت... نەء، سێ جار...
ە بڕیارمدا تەلەفونت بۆ بکەم!..
بۆ ئەوەی پێم بڵێ‌ی کە سێوی نایاب ئەخۆی؟..
بەڵێ!
تۆشت بێ.
سوپاس.
دەنگت زۆر خۆشە!
سوپاس.
بەڕاستمە... دەنگت زۆر خۆشە!..
سوپاس... ئەزانی چی؟... خوا حافیز!..
هەروا زوو؟... کەواتە بۆچی تەلەفونت کرد؟..
بۆ ئەوەی گوێم لێ بێ.

– گوێت لەچی بێ؟..
– لە «چی» نەء... بەڵکو لە «کێ»... بۆ ئەوەی گوێم لە تۆ بێ!..
– هەر ئەوەندە؟...
– هەر ئەوەندە... دە خوات لە گەڵ!...
– ئەی ئەگەر من نەمەوێ خوا حافیزی بکەم؟... دەنگت زۆر نازدارو خۆشە!
– خوات لەگەڵ.
– ڕاوەستە... تەلەفۆنەکە دامەخە!
– فەرموو، چاوە ڕێم.
– دەقیقەیەکی تر کاتت هەیە؟... دایمەخە... تەنها دەقیقەیەك...
– لەبەرچی؟..
– دەنگت خۆشە!..
– ئەمەم گوێ لێ‌بوو... سوپاس...
– ئەگەر ئێستا تەلەفۆنەکە دابخەی لێم بزر ئەبی.
– ئەمە بۆ تۆ زیانی نیە... خۆ تۆ بە شوێن مندا نەگەڕاوی... خوات لەگەڵ!...
– ڕاوەستە... کەمێکی تر ڕاوەستە!..
– ... (بێ دەنگی‌یەك)...
– هەلاو... هەلاو... گوێت لێمە؟..
– بەڵێ!
– هیچ نەبێ پێم بڵێ ناوت چیە!..
– چی پێویست ئەکا؟..
– هەرچۆنێك بێ... بیڵێ...
– فەرموو... لەوانەیە ناوم ساشا بێ... شوورا بێ... ئەلیکساندرا بێ... ئەشێ سانیا بێ... چۆنت ئەوێ وا ناوم بێنە. جیاوازی نیە!..
– ئەی خۆت؟... خۆت چی ناوێکت بە دڵە؟...
– خۆم؟...



– بەڵێ.
– خۆم... «ئەلیسیا»م بەدڵە...
– ئەلیسیا... ئەلیسیا... ئەلیسیا... ئەی من ئەتوانم تەلەفۆنت بۆ بکەم؟...
– نەء... تۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەم نازانی!...
– تۆ خۆت پێم ئەڵێ‌ی!..
– نەخێر، پێت ناڵێم!..
– باشە، کەواتە جارێکی‌تریش خۆت تەلەفۆنم بۆبکە... باشە ئەلیسیا؟...
– ... (بێ دەنگی‌یەك)...
– هەلاو... هەلاو... گوێت لێمە!...
– بەڵێ..
– ئەی بۆچی بێ‌دەنگ بووی؟...
– بیر ئەکەمەوە...
– کەواتە تەلەفۆنم بۆ ئەکەیتەوە!..
– باشە!..
– بەیانی؟..
– باشە!...
– سەعات شەش؟..
– باشە... خوات لەگەڵ

**«رۆژی دوایی، سەعات شەش»**

– وا دانیشتووم‌و سێو ئەخۆم... ئەمەمنم... چۆنی؟..
– نیو سەعاتە لەبەردەم تەلەفۆنەکەدا دانیشتووم!..
– تۆ وتت سەعات شەش... ئێستا سەعات شەشە!...
– سوپاس!
– شایانی‌نیە!..

– سوپاس لەبەر ئەوەی تەلەفۆنت بۆ کردم.
– من خۆم حەزم کرد تەلەفۆنت بۆ بکەم!...
– ئەلیسیا...
– بەڵێ!...
– من ئێستا چەند پرسیارێکت لێ ئەکەم‌و تۆش وەرام ئەدەیتەوە!...
– بزانم پرسیارەکانت چین... بپرسە!...
– تەمەنت چەندە؟...
– شازدە... نزیکی شازدە ساڵ... تۆ تەمەنت حەفدە ساڵەو ناوت «میشا»یەو لە خانووی ژمارە بیس
سی‌ی شەقامی «پیترۆفکا» ئەژیت!...
– چۆنت زانی؟...
– ئەزانم... هەموو شتێك دەربارەی تۆ ئەزانم... ئەتوانم بڵێم هەموو شتێك!...
– کەواتە هەڵوێستمان وەك یەك نیە!...
– بۆ چی؟...
– لەبەر ئەوەی تۆ هەموو شتێك دەربارەی من ئەزانیت‌و من هیچ شتێك دەربارەی تۆ نازانم... با
بەرزە؟...
– باڵام ماماوەندی‌یە...
– جوانیت؟
– ماماوەندیم... .زۆر ماماوەندیم!...
– بێگومان لە قوتابخانەی ناوەندی «ئەخوێنی...
– بەڵێ... دەبا خوا حافیزی لەیەك بکەین!...
– هەمدیسان!... ئەی کەی تەلەفۆنم بۆ ئەکەیتەوە؟...
– پێویست ئەکا؟...
– بێگومان... کەی؟...
– نازانم...
– بەڵکو هەر چۆنێك بێ من خۆم تەلەفۆنت بۆ بکەم... ژمارەی تەلەفۆنەکەت چەندە؟...
– .... (بێ‌دەنگی‌یەك)...
– هەمووسان بیر ئەکەیتەوە؟...
– بیرم کردەوە... بنووسە: ٨٩ – ٢٦ – ٥

«هەمان رۆژ»

– بەدالەیە؟...
– بەڵێ بەدالەی پێنجەمە...
– بەداله... تکایە... ئەگەر بەئەرکی نازانی... من ئەو ژمارەیەی پێویستمە ئەیزانم ٨٩ – ٢٦ – ٥
ئەمەوێ...
– کە ئەیزانی بۆچی تەلەفۆن بۆ ئێمە ئەکەی؟..
– راوەستە... من ژمارەی تەلەفۆنەکە ئەزانم‌و ئەمەوێ بە هۆیەوە ئەدرەسەکەی بزانم.
– ئێمە ئەم زانیاریانە نادەین!..
– ئاخر من زۆرم پێویستە؟... هەر ئەدرەسەکەو هیچی‌تر.
– ئینجا هەر کەسێك شتێکی ویست بیدەینێ؟...
– ئەی چی بکەم؟...
– نازانم... لە دەلیلی تەلەفوندا بۆی بگەرێ
– ئینجا خۆ ئەبێ ساڵێك بۆی بگەرێم.
– نازانم... ئەی بەشداریکەری تەلەفۆن... نازانم...

**اش دوو ڕۆژ»**

- هەلاو... تکایە ئەلیسیام بدەنیٚ!..
- کیٚ... کیٚ؟...
- ئە... لی... سیا...
- ئەلیسیا کیٚیە؟... شتی وامان نیە.
- چۆن نیتانە؟... تەمەنی نزیکی شازدە ساڵە!
- شازدە ساڵ؟ تۆ وەنگە «شووراات بویٚ!...
- کەواتە هەتانە... بیٚ گومان شوورا.
- لە خۆتەوە ئەلیسیا... ئەلیسیا!... شوورا... شوورا گرادۆفا!.. تەلەفۆنە... وا هات!...
- بەلیٚ. گوێم لیٚیە.
- ئەلیسیا، ڕۆژباش. ئەمە منم!...
- ڕۆژباش. زانیم تۆی!..
- من وتم ئەلیسیام بدەنیٚ، کەچی نازانن ناوت ئەلیسیایە.
- تەنیا تۆ ئەزانیت ناوم ئەلیسیایە... ئەمە نهێنیە... ئەتوانم نهێنیم هەبیٚ؟..
- بیٚگومان... من شادمانم کە تەنیا من ئەم نهێنیەت ئەزانم... ئیٚستا نازناوەکەشت ئەزانم گرادۆفا،
واوە؟.
- تەواوە!
- کەواتە ئیٚستا تەلەفۆن ئەکەم بۆ بەدالەو بەپیٚی نازناوەکەت‌و ناوەکەت ئەدرەسەکەتم پیٚ ئەڵیٚن...
- نیٚ، چی تر؟...
- ئەگەر بەهۆی هەمان نازناوەوە چەند ئەدرەسیٚکیشم بدەنیٚ وا بە پیٚی ژمارەی تەلەفۆنەکەت
دڕەسەکەی تۆ ئەدۆزمەوە...
- شتیٚوا مەمە... تکات لیٚ ئەکەم شتیٚوا مەکە...
- بۆچی؟...
- هەروا... پیٚویست ناکا، یان، یان... قەیناکا، بیکە... باشت بیرلیٚ کردۆتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا
یچت دەست ناکەوی!...
- بۆچی؟..
- زۆر ئاشکرایە... تەلەفۆنەکە بەناوی خۆمەوە نیە!..
- ئینجا چیە... کەواتە ئەچم بۆ «نووسینگەی پرسیار کردن»و لەبەر ئەوەی ناوەکەت‌و نازناوەکەت
زانم ئەدرەسەکەتم ئەدەنیٚ.
- ناتدەنیٚ!... هیٚشتا ئەدرەسەکەم لەویٚ نەنووسراوە... من دوو مانگی تر پیٚناسە وەرئەگرم، چونکە دوو
انگی تر تەمەنم ئەبیٚ بە شازدە ساڵ!
- باشە، کەواتە... کەواتە چاوەڕیٚ ئەکەم... ئەتوانم چاوەڕیٚ بکەم...
- لەبەرچی چاوەڕیٚ ئەکەی؟..
- دەنگت نازدارو خۆشە!..
- ئینجا چیە؟..
- حەز ئەکەم بتبینم... دەنگت خۆشەو حەز ئەکەم خۆشت ببینم‌و بزانم چۆنیت!
- پیٚم وتیت زۆر مامناوەندیم!...
- ئەمە گرنگ نیە!...
- بە ڕاستمە، زۆر مامناوەندیم... بگرە زۆر زۆر مامناوەندیم خوات لەگەڵ...

**اش چەند ڕۆژیٚکی تر»**

- تکایە ئەلیسیام بدەنیٚ!..
- کیٚ.. کیٚ؟...
- بلیٚم، شوورا.. شوورا گرادۆفا...
- دەوابلیٚ.. ئەلیسیات لەکویٚ هیٚنا؟.. شوورا لەماڵ نیە

**«پاش چەند ڕۆژیٚکی تریش»**

- تکایە شوورا گرادۆفام بدەنیٚ؟...
- دەرگاکەیان داخراوە... هەموویان ڕۆیشتوون.

**«پاش چەند ڕۆژیٚکی تریش»**

- تکایە شوورا گرادۆفام بدەنیٚ.
- دایکی قسە ئەکات... خۆی بۆ هاوین چوە بۆ لادیٚ بۆ لای نەنکی. لەم ڕۆژانەدا نامەی بۆ ئەنووسم
پیٚی بلیٚم کیٚ تەلەفۆنی کرد؟..
- ئەمە گرنگیش نیە... بنووسن میشا!..

«کۆتایی حوزەیرانی ١٩٤١»

- تکایە شوورا گرادۆفام بدەنیٚ!..

- وابزانم لە ماڵ نیە.
- کەواتە دایکیم بدەنیٚ.
- باشە، ئیٚستا سەیر ئەکەم... گرادۆفا... کەستان لە ماڵن؟
- هەلاو.. گوێم لیٚیە!..
- ڕۆژ باش، دایکی شوورایە؟..
- بەلیٚ شوورا هیچی لیٚ قەوماوە؟
- نەخیٚر، ئەمە... لەبیرتە ئەوسا تەلەفۆنم بۆ کردی و ویستم لەگەڵ شووورادا قسە بکەم؟...
- ئاە... تۆ کوڕەکەی ئەوسایت؟... شوورا بەیانی لە لادیٚ ئەگەڕیٚتەوە... بەیانی تەلەفۆنی بۆ بکە.
- بەیانی ناتوانم، ئەڕۆم.
- لەناو جەنگ بار ئەکەن؟...
- نە، بە پیٚچەوانەوە...
- ئەچیت بۆ جەنگ؟ کوڕە ئەوە بەچی پیٚ ئەکەنی؟..
- بیبوورە، بە تۆ پیٚ ناکەنم... بەوە پیٚ ئەکەنم کە وتت بۆ جەنگ... نازانم بۆچی ئەمەم لا سەیر
بوو... بیبوورە... بەیانی ئەچم بۆ بەرەی جەنگ... سڵاوم بە شوورا بگەیەنەو هیچی تر. خوات لەگەڵ
هیوام بەختیاریتانە!..
- تۆش هەروەها لەشت ساغ بیٚ... «ئەی، ئەی کوڕەکەم ناوت چیە؟.
- میشا.

**«پاش پتر لە چوار ساڵ»**

- تکایە شوورا گرادۆفام بدەنیٚ.
- کیٚ... کیٚ؟...
- شوورا گرادۆفا.
- شوورا گرادۆفا کیٚیە؟... شتی وامان نیە...
- دەکەواتە ساشا یان سانیا بانگ بکەن!..
- ئەمانەشمان نین.

– بەلکو تۆ نەزانیت؟... بەلکو لەپێش جەنگدا لەوێ ژیابن؟...
– نازانم... ئێستا ئەپرسم، هەر ئێستا... پوورە رایا... شووراناوێك داوا ئەکەن، شوورا گرادۆڤا... دەخۆت وەرە لای تەلەفۆنەکە پێ‌ی بلێ.
– پوورە رایا قسەئەکا... کێت ئەوێ؟...
– شوورا گرادۆڤام ئەوێ.
– بیرت کەوتەوە؟ چوار ساڵێك ئەبێ لێرە نەماون... لەوساوە کە لەناو شەڕ باریان کردوە ئیتر نەگەڕاونەتەوە...
– کەواتە لە مۆسکۆ نین؟..
– بۆچی لە مۆسکۆ نین؟..لە مۆسکۆن، بەڵام هەر کە باوکیان کوشت ئیتر نەگەڕانەوە بۆ ئەم شوقەیە. شووراو شووی کردوەو منداڵی بوەو دایکیشی لەگەڵ خویدا بردوە.
– سوپاس!...
– سوپاس بۆ چیە؟... خۆ ئەرکێکی گران نیە ئەمانەت پێ بلێم. ئێستا ئەوانەی زیندوون پاش جەنگ بە شوێن هاورێکا نیاندا ئەگەڕێن... ڕاوەستە، ژمارەی تەلەفۆنەکەی ئێستایان لەسەر دیوارەکە نووسرابوو ئەگەر مابێ.. ئەوەتا، بنووسە: ٦٨ – ١ ـ – ی. ئێستا لە نزیك پیشانگای «بەروبوومی کشتوکاڵی»یەوە ئەژین.

«لەهەمان ڕۆژدا»

– ژمارەی – سفر – یەك – شەست و هەشتە؟..
– بەڵێ!
– تکایە ئەلیکساندرا گرادۆڤا لێرە ئەژی؟[1]
– بەڵام ئێستا نازناوەکەی گرادۆڤانیە، زیئسوڤایە..[2] ئەمەمنم... ڕۆژباش میشا!..
– چۆنت ناسیمەوە؟..
– ناسیمیتەوە!..
– چوار ساڵ پتر تێپەڕیوە... بگرە پێنج ساڵە...
– لەگەڵ ئەوەشدا ناسیمیتەوە.. زۆر شادمانم!...
– کە زیندووم!..
– بەڵێ، لەبەر ئەوەش کە تەلەفۆنت کرد!
– دەنگت هەر وەك خۆیەتی!..
– بەڕاست کوێرا چوار ساڵ تێپەڕی؟..
– زیاتر!... نزیکی پێنج ساڵە... تۆ ئێستا زیئسوڤایت؟
– من شووم کردوە!..
– نیگەبشتم... یان ڕاستتر ئەوەیە بلێم ئەزانم... ئەشزانم منداڵت هەیەو لە نزیکی پیشانگای «بەروبوومی کشتوکاڵی»یەوە ئەژیت و دایکیشت لە گەڵدایە. ئەوەش ئەزانم کە شووت کردوە.
– هەمووی ئەواوە... ئێستا تۆ هەموو شتێك دەربارەی من ئەزانیت، بەڵام من هیچ دەربارەی تۆ نازانم.
– دەربارەی من؟... من وەك هەموو ئەوانی‌تر لەجەنگدا بەشداریم کردوەو دوو جار بریندار کراوم.
– برینەکانت کاریگەر بوون؟..
– یەکێکیان پڕ مەترسی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەك بریق سەر لەشی سەگ ساڕێژ بوەوە... چی‌تر؟...
دوایی گەڕامەوە شوێنی خۆم. لەوە ئەچێ قەڵەوو گەورە بووم... دایکم قات و کراس و پێڵاوەکانی پاراستبووم و هەموو شیانم پێ بچووك بوونەتەوە زۆر سەیرو پێکەنیناوی‌یە... قاتەکە تەسکە، پێڵاوەکان بە پێمەوە ناچن، یەخەی کراسەکەم نایەتەوە یەك... سەیرە، گەورە بووم!..
– نزیکی پێنج ساڵە!..
– دەفتەرێکی بچووك لە گیرفانی قاتەکەمدا بوو، ژمارەی تەلەفۆنە کۆنەکەتی تێدا بوو. من سێ مانگ زانم

نەکرد تەلەفۆنت بۆ بکەم‌و لە دوایدا بۆم کردی... پوورە «رایا» ناوێك ئەم ژمارە تازەیەی
– ئەوە دراوسێ کۆنەکەمانە!
– بەم جۆرە، وامنیش تەلەفۆنم بۆ کردی!..
– سوپاس.
– تۆ ئێستا شووت کردوە...
– نزیکی پێنج ساڵ تێپەڕیوە!..
– تۆ بە جۆرێك قسە ئەکەیت وەك پاکانە بکەی وایە.
– ئەمە بەڕێکەوتە...
– میردەکەت خۆش ئەوێ؟...
– زۆر... ئەویش خراپ بریندار بوە... کوڕەکەشی زۆر خۆش ئەوێ... هەردووکێشیان منیان
خۆش ئەوێ.
– ئەلیسیا...
– «بێ‌دەنگی‌یەك»...
– ئەلیسیا... ئەتوانم بتبینم؟..
– (بێ‌دەنگی‌یەك)...
– ئەوە بیر ئەکەیتەوە بۆیە وەرام نادەیتەوە؟..
– نەء، بیرم کردەوە...
– دەنگت وەك ئەوسا هەر نازدارو خۆشە!...
– کەواتە پێویست ناکات یەکتری ببینین!..
– بۆچی؟
– خۆت وتت کە دەنگم نازدارو خۆشە... من ئەمەم زۆر پێ خۆشە. ڕەنگە تۆ خۆشم بە شتێکی
نێبگەی... تێم ئەگەی!... تێم ئەگەی؟..
– زۆر نەء..
– ڕۆژێك دێ تێ ئەگەی... با ئێستاش هەموو شتێك وەك ئەوسا بمێنێتەوە... با هەر ئەوە بزا
کچێکی ئەلیسیا ناو هەبوو دەنگی نازدارو خۆش بوو...
– ... (بێ‌دەنگی‌یەك)...
– ئەبینی؟ ... وائێستا تۆ بێ‌دەنگ بووی!
– ئێستا من بیر ئەکەمەوە!
– میشا... هیوام کامەرانیتە... ئەتوانیت کامەران بیت؟..
– نازانم، هەوڵ ئەدەم!
– کامەران بە... با خوا حافیزی بکەین...
– ئەلیسیا... بۆ یادگار شتێکی خۆشم پێ بلێ.
– وەك چی؟...
– هەر شتێك بتەوێ، باشترین شت!
– سێوی نایاب ئەخۆم!...»

پەراوێزەکان: «١» ئەلیکساندرا: هەمان ناوی شوورایە. شوورا کورت کراوەی ئەلیکساندرای
«٢» دیارە شوورا شووی کردوە بۆیە نازناوی مێردەکەی وەرگرتوەو نازناوەکەی خۆی نەماوە
تێبینی: نووسەری سۆڤێتی «یاکۆڤ سیگێل» لە «١٩٢٣»دا لە دایك بوە، کاتی منداڵی و لاو
مۆسکۆ بەسەر بردوە، لە «١٩٤١»دا قوتابخانەی ناوەندی تەواو کردو چوو بۆ بەرەی جەنگ و لە
هێزی «بەرەشووت»دا جەنگا. پاش تەواو بوونی جەنگ پەیمانگای «سینەما»ی تەواو کرد، دەرهێ
گەلێ فیلمی بەناوبانگە، گرنگترینیان ئەمانەن: «ئەو ماڵەی تیایدا ئەژیم» «یەکەم ڕۆژی ئاش
«کۆتەرەکان، خواتان لەگەڵ»، وزۆری‌تر، لە ساڵی «١٩٥٠»وە لەپاڵ کاروباری سینەمادا چیرۆ
ئەنووسێ.